# لەکاتی ئەگەری هەر لەشکرکێشییەکدا بۆ سەر کوردستان..

## 67٪ هاووڵاتیانی کوردستان ئامادەنین بەشداری رووبەڕووبوونەوەبن

**راپۆرتو داتا: ستیڤان شەمزینانی**



ماوەیەکی زۆرو بگرە چەندان ساڵە تورکیا هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات بە مەبەستی لەشکرکێشیو بەزاندنی سنوورەکانی کوردستان بۆ رووبەڕووبونەوە لەگەڵ چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانو قەڵاچۆکردنی ئەو گەریلایانەی لە هەموو روویەکەوە دەوڵەتی تورکیایان پەرێشان کردووە، ناوە ناوە تورکیا هەڕەشە دەکات کە بەسوپاو پاڵپشتی تانكو فڕۆکەوە هێرش دەکاتە سەر باشووری کوردستان.

بەم دواییانە سەرۆك وەزیرانو کاربەدەستانی ترو هەندێك لە ژەنەڕاڵەکانی سوپاو ژاندرمەی تورك جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە هێرش دەکەنە سەر بنکەو بارەگاکانی PKK لەقوڵایی چیاو ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستاندا، هەندێك لە چاودێرانی رەوشی ناوچەکەو پسپۆڕانی کاروباری تورکیا پێیانوایە ئەم هەڕەشانەی تورکیا لەبواری کرداریدا جێبەجێ نابنو بەڵکو مەبەستێکی سیاسی لەناوخۆی لەوڵاتدا لەپشتەوەیە، ئەویش ئەوەیە وڵاتەکە لەبەردەم پرۆسەیەکی نوێی هەڵبژاردنەکاندایەو لەلایەکی ترەوە بۆ دڵڕاگرتنی ژەنەڕاڵەکانە لەم بارودۆخەدا.

دوو هەفتەی رابردوو کەتیبەکانی تۆپخانەی ژاندرمە ناوچەکانی دەوروبەری زاخۆیان بۆردومان کردو لەلایەکی تریشەوە بە هەزاران سەرباز لەسەر سنوورەکان کۆکراونەتەوە بە مەبەستی لەشکرکێشی لەکاتی پێویستدا، هەرچەندە سەرکردە سیاسییەکانی کورد رایدەگەیەنن کە بەرەو رووی سوپای تورك دەبنەوە، بەڵام لەباری واقیعیدا ئەوە دەبینرێت جەماوەر متمانەیان کاڵەو بەڵکو ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان ئامادەنین لەپەنا سەرکردەکانی کورددا بچنە مەیدانی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر هێزێکی دەرەکی جا با ئەو هێزە داگیرکەریش بێت.

سەلام کەریم دەڵێ: خەڵك بێزار بووە لە هەموو شتێك، کەس باوەڕی بەوە نەماوە خۆی بەکوشتن بداتو یەکێکی تر بەری رەنجەکەی بخوات، مەسئولەکان بۆمان بوون بە ئەزموون کە دەبێت خەڵکی رەشو رووتی وڵات قوربانی بێتو کۆمەڵە کەسێك کە ئارەق نەکەوتۆتە ناوچەوانیان لەبەریدا بحەوێنەوە.

وەك شەخسی خۆم ئامادەنیم بچم شەڕبکەمو پارێزگاریی لەو گەندەڵانە بکەم کە تەنیا لەکاتی تەنگانەدا میللەتیان لەبیر دێتەوە، بڕوا بکە لەدڵەوە پێم ناخۆشە وڵاتەکەم لەژێر هەڕەشەدابێت، بەڵام کە سەیری رەفتاری کاربەدەستان دەکەم دێمەوە ژێر سفر.

مەهاباد محەمەد وتی: ئەرکی هەموو کوردێکە بەرەو رووی سوپای داگیرکەر بوەستێتەوە، نابێت ئێمە بڵێین چونکە گەندەڵی هەیەو خزمەتگوزارییمان نییە ئیتر باوڵاتەکەشمان داگیربکرێت، ئیتر خۆ بەمن چی؟ بە پێچەوانەوە ئەرکی سەرشانی هەر هەموومانە بەرۆڵی نەتەوەیی خۆمان هەستین، ناشبێت وەها لێکیبدەینەوە ئەم وڵاتە تەنیا هی بەرپرسەکانە، بەڵکو وڵاتی

هەموومانە زۆرکەس دەبن بەدەمڕاستو دەڕۆن، بەڵام ئەوەی بۆ هەتا هەتاییو هەمیشەیی دەمێنێتەوە وڵاتە، ئەو کەسەی وڵاتیشی خۆش نەوێ ئیمانیشی نییە.

هونەر فەرەیدوون دەڵێ: گەنجەکانمان ئەوەندە بێ ئومێد بوون، تاقەتی خۆشیان نەماوە، گەنجێك کە گیرفانی خاڵی بێتو هیچ بەشێکی بەوڵاتەکەیەوە نەبێت، بۆچیو بەکام مەبەست دەست بداتە چەك؟ زۆرمان کردو هیچی لێ بەرهەم نەهات، جارێکی تر ئەو هەڵەیەدووبارە ناکەینەوە، هەروەك پێغەمبەر دەفەرموێت مرۆڤی ژیر نابێت دووجار لەیەك کونەوە پێوەی بدرێت، جارێکی یەکەم لە هەرزەکارییو بێ ئەزموونیدا لەوکونەوە گەزراین، بەڵام ئەمجارە خوا خۆمان دەگرێت هەمان هەڵە دووبارە بکەینەوە، تەواو عاقڵ بووین و بەسەرکردەکانیش دەڵێم ئەو باوکەیان  مرد هەلەکە سەمایان بۆ بکەین.

شێنێ بایز وتی: ئەگەر ئەم هەڕەشانەی تورکیا جاران واتە دە دوانزە ساڵ لەمەوبەر بوایە، هەزاران کەس خۆیان دەبەستو بە چەكو فیشەکی خۆیان دەچوون پێشی سوپای تورکیایان دەگرت، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکەکە ئەوەندە بێزار بووە، ژاندرمە ماڵەکەشی بسووتێنێ هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، تاکەی ئەم خەڵکە هەر قوربانیو بەشخوراوبێتو سووتەمەنی جەنگو کارەساتو رووداوە خوێناوییەکانیان بێت؟ بەڵام کە هاتە سەر ئیمتیازات هەر دەبێت بەو خەونەوە سەربنێتەوە.

فەریق کاوانی دەڵێ: ئەگەر تورکیا یان هەر دەوڵەتێکی تر بیەوێت سنووری خاکی وڵاتەکەمان ببەزێنێت، دەبێت بە سەر لاشەکانماندا بێتە ناوەوەو کوردستانیان لێدەکەین بەگۆڕستان، هەروەك جەنابی سەرۆکی هەرێم وتی ئەوە خەونەو ئەو خەونەیان لەبار دەبەینو ناهێڵین وەك داگیرکەر پێ بنێنە خاکی وڵاتەکەمانەوە.

سەرخێڵ ئەنوەر وتی: ئەگەر تورکیاش بێت کوردستان داگیر بکات چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێت؟ کارەبا زۆرەکەمان دەبڕێت؟ ئاوە زۆرەکەمان نامێنێت؟ سووتەمەنیو خزمەتگوزارییەکان نامێنن؟ لەوانەیە مەغۆل لەم بەرپرسانەی خۆمان باشتر بێت ، چونکە وەك دوژمن مامەڵە لەگەڵ میللەتەکەیاندا دەکەن، نەك سوپای تورکیا سوپای تەتەرو هۆلاکۆش بێت بەکێشەی خۆمی نازانم، چونکە حکومەتی کورد هیچ دەستکەوتێکی بەمن نەبەخشیوە تابترسم لەدەستم بچێت، با ئەوانە بچن بۆ شەڕ کەلەشەوڕۆژێکدا دە دەفتەر دۆلار بەم وڵاتە پەیدا دەکەن، با ئەوانە بڕۆن، ئێمەش سەیریان دەکەین هەروەك چۆن ئێستا سەیریان دەکەین کە سەروەتو سامانی کوردستان حەپەلوش دەکەن.

دواتر هەوڵماندا راپرسییەکی سنووردار لە هەردووشاری سلێمانیو هەولێر ئەنجام بدەین بۆ زانینی راو بۆچوونی هاووڵاتیان لەمەڕ لەشکرکێشی وڵاتانی دەوروبەر، بۆ ئەم مەبەستە (500) فۆڕمان بەسەر (500) هاووڵاتیدا دابەشکرد لەئاستو چیینە جیاوازەکانی کۆمەڵو ئاکامی راپرسییەکەش بەم شێوەیە دەرچوو:

**-ئایا ئامادەیت رووبەڕووی سوپای وڵاتانی دەرەکی بیتەوە لەکاتی لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان؟**

**ئەنجام:**

67٪ نەخێر

31٪ بەڵێ

2٪ نازانم

**-ئایا کورد دەتوانێ رووبەڕووی لەشکر کێشی تورکیا ببێتەوە؟**

**ئەنجام:**

71٪ نەخێر

26.3٪ بەڵێ

2.7٪ **نازانم**

Shamzini 79@hotmail.com